کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-9-2007 19:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**چارەنووسی ماددەی 140 ی دەستوری عێراقی فیدراڵ بەرەو کوێ؟؟.. م. عەونی خۆشناو.**

ئێمەی گەلی کورد تەجروبەیەکی تاڵ و سەختمان لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان هەیە. هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە تاکو ئەمڕۆش لەگفتوگۆو ململانێیەکی سەخت داین، بەڵام



لەکۆتایی دا ئێمەی کورد شکستمان هێناوەو، ئایا ئەوە بێ بەرنامەیی و خەم ساردی سەرکردایەتی سیاسی کوردە یاخود ساویلکەیی و خۆشباوەڕی ئێمەی کورد؟؟ کە بەهەموو دوعایەکان دەڵێین ئامیین!! چونکە پێش ڕووداوەکان خۆمانی بۆ ئامادەناکەین!! ئێمەی کورد قسەمان گەورەترە لەکردار!!جگە لەدروشمی بریقەداری وەکو یاکەرکوک و خانەقین یا تاماوین ئەجەنگین!! هیچی ترمان نی یە ڕاستە جەنگاین لەخانەقین دژی هاوردەکان ئەویش بە هیمەتی هەڤاڵێکی سەرکردایەتی ئەو دەڤەرە بوو، بەڵام لە کەرکوک لەدژی یەک جەنگاین لەجیاتی دەرپەڕاندنی هاوردەکان، خۆمان یەکترمان دەرپەڕاند!!ئەوەش گورزێکی کوشندەی لەبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەمانیدا، چونکە ماف دەسێنرێ نادرێ، بەداخەوە ئەو هەلەزێڕینەمان لەدەست چوو، بۆیە ئێستا دەستی دەستیمان پێدەکەن!!هەموومان هاوار دەکەین دەڵێین کەرکوک وناوچە دابڕاوەکانی تر کوردستانن، ئایا کارمان بۆ ئەوە کردووە کوردستانیەتی ئەو دەڤەرانە بەبەڵگەو (دۆکیمێنتی) نێودەوڵەتی بسەلمێنین کە ئەو ناوچانە لەسنووری جوگرافیای خاکی کوردستانن، بەڵام دوژمنانی کورد دیمۆگڕافی ئەو شوێنانەیان شێواندوە، ئەگەر ئەو بەڵگە نێو دەوڵەتیانە لەبەر دەستی خۆمان بوون بۆچی ئامادەبووین ئەو دەڤەرانە بیانخەینە ڕاپرسیەوە؟؟ئایا ئەوە هەڵەیەکی کوشندە نی یە بەرامبەرخاک ونەتەوەکەمان کردوومانە؟؟ ئەگەر لەژێر فشاری نێودەوڵەتی و هەڕەشەی ئەقلیم ئەو چارەنووسە نادیارەمان هەڵبژارد بۆچی کاربۆ جێ بەجێ کردنی ناکرێت؟؟ هەموومان شادو دڵخۆش بووین کە جەنابی (مام جەلال) لە ڕێکەوتی 9. 2. 2004 لە دانیشتنێکی ئەنجوومەنی دەستەڵاتی عێراق ئەو نەخشە کۆنەیەی بەرزکردەوەو کوردستانیەتی ئەودەڤەرانەی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەن سەلماند.. چاوەڕێی ئەوەبووین لەگەڵ یەکەمین کابینەی حکومەتی نوێی عێراق بە سەرۆکایەتی (د. ئەیاد علاوی) خواستە نەتەوایەتیەکەمان بە گەڕانەوەی ئەو دەڤەرانە بۆ سەرهەرێمی کوردستان بێتەدی، بەڵام بەداخەوە ئەو ئاواتەمان نەهاتەدی!!علاوی ویاوەر گۆڵەکەی خۆیان تۆمارکردوو سەرکردایەتی سیاسی کوردیش بەسینگێکی فراوان قبولیان کرد!! هەرچەندە کورد کۆڵی نەداو بێ ئومێد نەبوو، بەڵام ئەو جارە لەگەڵ کەسایەتیەکی تر تاسەر ئێسقان شۆڤینی ونەتەوەپەرست و دژبەخواستەکانی کورد ئەویش (د. ئیبراهیم جەعفەری) بوو. دوای ئەوەی پێشێلی ئەوهەموو ڕێکەوتن وبەڵێنانەی کرد کە بە سەرکردایەتی سیاسی کوردی دابووبۆ جێ بەجێ کردنی ماددەی (58) ی ئەو کات و بودجەو پێشمەرمەرگەو... هتد. جگە لەوەی ئەو خواستانەی کوردی جێ بەجێ نەکرد، بەڵکولێپسراوانی پارێزگای کەرکوکی بەکەمتەرخەمی وخەم ساردی تاوانبار کردن کە ئەوان بەپیر خواستەکانی خۆیان نەچوون. لەبەرامبەر ئەو هەموو پێشێلکاریە تا تەواوکردنی ماوەی زەمەنی خۆی سەرکردایەتی سیاسی کورد هیچ گوشارێکی نەخستە سەر کابینەکەی (د. ئیبراهیم جەعفەری) بۆ ئەوەی ملکەچی جێ بەجی کردنی بڕیارەکانی بکات. دوای ئەوەی بەڕێزیان ویستی بۆ جاری دووەم خۆی کاندید بکاتەوە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەوجا کورد فشارەکانی خۆی زیادکرد بۆ ئەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران نەدرێتەوە بەو بەڕێزە!!بەڵام دوای چی دوای نەخۆشیەکی کوشندە ئینجا خۆپاراستن!!!

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-9-2007 19:48بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

پشوو درێژی ئێمەی کوردو شۆڤینیەتی عەرەب وای کردووە هەموو ئەو کەسایەتیانەی کە پۆستی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران وەردەگرن لەسەرەتادا بەهار دەهێننە چۆکان و لەدوایی دا بێ وەفاو بێبەڵێن و شۆڤینی دەردەچن بەرامبەر خواستەکانی گەڵی کورد لە کابینەکەی (د. نوری مالکی) لەسەرەتای دەست بەکاربوونی لەبەرنامەی کاری کابینەکەی دا زۆر بەروونی و ئاشکرا دانی بەهەموو خواستەکانی کورد دانەو گوتی بەو پێیەی کەلە دەستووردا هاتووە دەبێ جێ بەجێ بکرێت!! ئەو قسەو بەڵێنانە وەکو بلْقی سەر ئاویان لێهات، چونکە ئەو برگەو ماددانەی لە دەستووری هەمیشەیی عێراق کەلە بەرژەوندی گەڵی کورد جێگیر کرابوون نەک جێ بەجێ نەکران، بەڵکو بەربەستیان دەخستە پێش و پشت گوێ وفەرامۆش دەکران!! لە جیاتی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) ماددەی تەقینەوەو تۆقان و خاپوورو کورد دەرکردن لەو دەڤەرانە پەیڕەو کران!!لەجیاتی پەسندکردنی یاسای نەوت وگاز لەعێراقدا کوردستان بێ سووتەمەنی کرا!! لەجیاتی باش کردنی بارو گوزەران و ژیانی پێشمەرگە، پێشمەرگە بە میلیشیا باس دەکرا!! دەبوو ئێستا لە قۆناغی کۆتایی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) ی دەستووری هەمیشەیی عێراقی فیدراڵ باین، بەڵام بەداخەوە قۆناغی یەکەمیش هەر لە دەووری بازنەدا دەخولێتەوە!! بە پێی لێدوانی ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە لە ماڵپەڕی سبەی بڵاوکراوەتەوە قۆناغی کۆتایی جێ بەجێ کردنی ماددەی (140) بۆ ناوەڕاستی ساڵی 2008 دواخراوە.. هەرچەندە من وەکو چاودێرێک و خەمخۆرێکی ماددەی (140) پێشبینی ئەوەم دەکرد ئەو ماددە دەستوورییە لە کات و ساتی خۆی جێ بەجێ نەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بۆ ئێمەی گەڵی کورد قسە زڵ وهەڕەشەکانی بەرپرسەکانە لەبەردەم کەناڵەکانی میدیا دەیان گووت دەبێت ئەو ماددە دەستوورییە لە کات و ساتی خۆیدا جێ بەجێ بکرێت!!دەبوا لەجیاتی هەڕەشەو گوڕەشە زمانی حەقڵ ومەنتیقیان بەکاربهێنایە لەجیاتی دەست بەسراگرتنی پارەی هەرێم وناردنی بۆ دەرەوەیووڵات و دەست بەسەراگرتنی ئەو برە پارە زۆرەیە لەلایەن هەندێک ووڵاتەوە!! دەکرا ئەو پارەیە بۆ گەڕانەوەی ئەو دەڤەرانەو بوژانەوەی هەرێمی کوردستان سەرف بکرایە، بۆ ئەوەی حکومەتی هەرێم ئەدایەکی جوانی پێسکەش بکردبا لە رووی یەکسانی کۆمەلایەتی و دابین کردنی پێویستەکانی ژیان بۆ کۆمەلانی خەڵکی کوردستان وە حکومەتی هەرێم حکومەتی هەمووان با نەوەک دەستەو حیزب!! گەرچی دڵنیام لە دڵسۆزی خەمخۆری هەندێک لەسەرکردە بەرێزەکان بۆ کێشەو چارەنووسی نەتەوەکەمان، بەڵام لەبەر ناوبژیوانی کردنی شیعەو سونە ئاگایان لە چارەنووسی گەڵەکەمان نەماوە هەر چەندە من دەزانم چارەنووسی نەتەوەکەمان بەندە بە ئاشتی و تەبایی و ئارامی و ئاسایشی عێراق، بەڵام ناکرێت چیتر کچی خۆمان قوربانی کوڕی خەڵکی تر بکەین.. سێ حکومەت بەهاوکاری و پشتیوانی کورد هاتنە سەردەستەڵات، بەڵام چارەنووسی دۆزی گەڵەکەمان نەک بەرەو پێشەوە نەچووە، بەڵکو زۆر خراپتر بووە!! بەتایبەتی ئەو دەڤەرانەی ناکۆیان لەسەرە وەکو (کەرکوک و خانەقین ومەندەلی وسەعدیەو جەلەولاو دبس ودووزخورماتوو شێخان و شەنگارو زومارو مەخمورو هەموو ناوچەکانی تر) .. ڕۆژانە تەقینەوەی ئۆتۆمبێلی مینرێژکراوو تۆپباران کردنی ناوچە کوردنشینەکان و رفاندن وسەرانە وەرگرتن لێیان بۆتەهۆی شەهیدو بریندارکردنی سەدان وهەزاران بی تاوانی کورد لەو دەڤەرانە.. ئاهوناهی دایکان و خوشکان وفرمێسکی قەتیسماوی چاوی باوکان و لافیتەی ڕەشی هەڵواسراوی پرسەکان هەموویان خەریکن کوردستانێکی سامناک بنیادبنێن.. هەرچەندە نەتوانرا خواستە نەتەوەیەکان لەکات و ساتی خۆی بێتەدی، بەڵام دەتوانرێ بەرپرسە باڵاکان سەرەدانێکی مەیدانی ئەو دەڤەرانە بکەن و هەندێک پێداویستی ژیانیان بۆ دابین بکەن.. ئیتر بەهیوای چارەسەر..

پێشمەرگەی دێرین - م. عەونی خۆشناو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.